ژمارەی ئەو ئافرەتانەی لەلایەن هاوسەرەکانیانەوە کوژراون لە فەرەنسا زیادی کردووە

وەزارەتی ناوخۆی فەرەنسا ڕایگەیاند، کە ژمارەی ئەو ئافرەتانەی لە ساڵی 2022 لە فەرەنسا لەلایەن هاوسەرەکانیان یان هاوسەرە پێشووەکانیانەوە کوژراون گەیشتە 118 ئافرەت.

وەزارەتەکە لە ڕاپۆرتەکی نوێدا ئاماژەی بەوەداوە کە ئەم ژمارەیە ئەوە بەدیار دەخات قوربانیانی ئافرەت لەدەست هاوسەرەکانیانەوە زیادی کردووە بە بەراورد لەگەڵ ساڵی 2021 دا، کە 122 حاڵەتی کوشتنی ژنان بە دەستی هاوژینەکانیەوە تۆمارکراوە، لە کاتێکدا 27 پیاو لەلایەن هاوسەرەکانیانەوە کوژراون.

ڕۆژنامەی Monde Le ڕایگەیاند کە هەر سێ ڕۆژ جارێک ئافرەتێکی فەرەنسی لەلایەن هاوسەرەکەیەوە دەکوژرێت بەهۆی زیادبوونی ناکۆکی و توندوتیژی خێزانی.

بەاوکردنەوەی ئەم ڕاپۆرتە هاوکات دەبێت لەگەڵ دەزینەوەی تەرمی ئافرەتێک لەسەر ڕێگایەک لە ناوچەی چامبرەی لە تەرز، دواتر ڕوون کراوە کە بکوژەکە هاوسەرەکەیەتی، بەڵام لە ماوەی دوو ڕۆژدا پۆلیس توانی بکوژەکە دەستگیری بکات و دەرکەوت کە بکوژەکە و قوربانییەکە 4 منداڵیان هەیە و مەردەکەشی تۆمەتبارکراوە بە تاوانی کوشتن.